به بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# لە گەلاوێژەوە بۆ گۆڤاری ڕامان – پێشەنگی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و ڕووناکبیریی کوردی

د. عوسمان دەشتی

ئەگەر لە سەدەی ڕابوردوودا (گۆڤاری گەلاوێژ/ ١٩٣٩ – ١٩٤٩)، مایەی شانازی و پێشەنگی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و ڕووناکبیریی و کولتووری کوردیی بووبێت، ئەوە لەم سەردەمەدا (گۆڤاری ڕامان/ ١٩٩٦– ٢٠٢٦)، جڵەوەکەی گرتۆتە دەست و بووە بە سەرقافڵە و پێشەنگ و ئەستێرەی پرشنگداری دنیای ڕۆژنامەوانی کوردیمان، لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەب و ڕووناکبیریی و کولتوور و مەعریفەی کوردیدا ئەسپی خۆی تاو داوە. سێ دەیە بەسەر تەمەنی ئەو کاروانە چەلەنگ و شەنگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیدا ڕادەبوورێت، کەوا دنیای ئێمەی خوێندەوارانی کوردی لە مەیدانی شیعر و پەخشان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئاوەدان و بە بژوێن کردووە. لەو ماوەیەدا وەکوو ئەزموونێکی ڕۆژنامەنووسیی دیار و ناوازە هەمیشە، لە هەموو دەڤەر و ناوچە و گۆشە و کەنارێکی نیشتیماندا ماڵ و هەواری خامەی بە برشتی هەموو نووسەرانی کورد بووە.

گۆڤاری ڕامان سەرەتای هەموو مانگێک، میوانێکی خۆش مژدە بووە و دەگەڵ خۆیدا قەرتاڵەی پەیڤی شیرینی کوردیی، لە شیعر و چیرۆک و دیرۆک و لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە دیاری هێناوەتە نێو ماڵەکانمان. بۆ نووسەر و خوێندەوارانی کورد لە هەر چوار دەڤەر و هەر چوار گۆڤەری ئاخێوەرانی زمانی کوردی، لە مەیدانی ڕۆشنگەری کوردیدا سفرە و خوانێکی ڕازاوە بووە. شیعر و پەخشان و ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی کوردیی بە زیندوویی هێشتۆتەوە و هەڕمێن و برەویشی پێداوە.

ڕاستییەکەی لێدوان لە کار و خەبات و خزمەتەکانی ڕامان، لەو بوارە جیاوازانەی ڕووناکبیریی کە ئاماژەمان بۆ کردوون، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی و گشتگیر هەیە، کەوا بە ژمارە و داتا و ئاماری دروستەوە پشتبەستوو بێت، بۆ ئەوەش ئەم چەند دێڕەی ئێمە هەر دووبارەکردنەوەی ڕا و سەرنجی ئەو برا نووسەر و توێژەرانە نەبێت، کە لە بۆنە و ساڵیادی گۆڤارەکەدا لەسەر لاپەڕەی ژمارەکانیدا خستوویانەتە ڕوو. بۆ ئەوەش ئەم دێڕانە وەکوو شاباش و بە شانوباڵ هەڵگوتنی گۆڤارەکە وەرنەگیرێت، تا ئەو ساتەی چاومان بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەمەڕ گۆڤارەکە، لە بابەتی نامەیەکی زانکۆیی ئەکادیمیدا ڕوون دەبێتەوە، (*) لە کورتیدا دەیبڕینەوە، ئاوات و هیواخوازیمان هەمیشە بەردەوامی و تەمەندرێژی و گەشەکردن و سەرکەوتنی زیاتر بۆ گۆڤارەکە و سەرنووسەری کارامە و لەخۆبوردوو و کارمەندان و هەڵسووڕێنەرانی ماندوویی نەناسی گۆڤارەکە بخوازین.

* بۆ زانیاری و ئاگاداربوون، تا ئێستا بێجگە لە نامەی دەرچوونی قوتابیانی قۆناغی بەکالۆریۆس، لە زۆر بەشی تایبەت و سەربەخۆی ناو نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆرا کە لە بارەی ڕۆژنامەگەری دوای ڕاپەڕین نووسراون، باسی گۆڤاری ڕامان کراوە، لەم ساڵانەی دواییشدا چەندان نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆرا لە بارەی بابەتەکانی (٣٠) ساڵی ڕابوردووی گۆڤاری ڕامان وەرگیراون.

(ڕامان)